وانەی (39)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) یەرمیا

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (یەرمیا ١، ٢ ، ٤ ، ١٠)
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) هێزی خودا : ئیشایا ٤١: 10

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن ، : هێزی خودا : ئیشایا ٤١: 10 .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) کۆیلەی بێکار (دەستبەتاڵ)

"نمونەی کۆیلەی بێکار " لە لۆقا ١٧: ٧- ١٠ تایبەتە بە **خزمەت لە شانشینی خودا**

" نمونەکە" چیرۆکێکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی سەرزەوی دەکات بە واتایەکی ئاسمانی . چیرۆکێکە دەکرێ بگێڕدرێتەوە لەژیانی ڕاستەقینەدا و ئامانج لێی فێرکردنی ڕۆحیە . عیسای مەسیح ئەو بابەتانەی باو و بڵاو بوون هەروەها ڕوداویی ڕۆژانەی بەکار دەهێنا لە پێناوی ڕاگەیاندنی نهێنیەکانی شانشینی خودا و ڕوناکیەکەی ، وە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی لەبارەی بارودۆخی ڕاستەقینەیان و پێویستییان بە نوێبوونەوە .

لێکۆڵینەوە بۆ ئەم نمونەیە دەکەین خاڵ بەخاڵ بە بەکارهێنانی شەش ڕێبەری ڕێنماییەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی نمونەکان (بڕوانە ڕێبەری ڕێنماییەکانی ٩ ، پاشکۆی ١).

لۆقا ١٧: ٧- ١٠ **بخوێنەوە** .

<u>١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.</u>

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆ: ئەو بنەما سەرەکیانە کامانەن ، کە نمونەکە لە خۆی گرتوە ؟

تێبینیەکان .

چیرۆکەکە پێناسەی پەیوەندیەکی نمونەیی دەکات لە نێوان خزمەتکار یان کۆیلەو گەورەکەیان لە سەردەمی عیسای مەسیحدا ، چیرۆکەکە دەسوڕێتەوە بەدەوری خاوەن کێڵگەیەکی بچووك كە خزمەتكارێك یان کۆیلەیەکی هەیە . لەم چیرۆکەدا خزمەتکارەکە وێنا دەکات بەوەی دەبێت ئەوە بکات کە فەرمانی پێ دەکات ، نابینین کە گەورەکەی ئافەرین و دەستخۆشی لێبکات لەوەی دەیکات .

عیسا باسی ئەم چیرۆکە دەکات لەڕێگەی چەند پرسیارێکەوە کە دەیخاتە ڕوو . پرسیاری یەکەم : کامەتان، ئەگەر کۆیلەیەکی هەبێت و خەریکی کاری کێڵگە و لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانی بێت، دوای ئەوەی کە لە کێڵگە هاتەوە، پێی دەڵێت: دەستبەجێ وەرە و دانیشە ؟ بێگومان وەڵامیش ، نەخێر کەس خزمەتی کۆیلە یان خزمەتکارەکەی خۆی ناکات . وە پرسیاری دووەم : ئایا پێی ناڵێت: شتێکم بۆ ئامادە بکە بیخۆم، ناوقەدت ببەستە و خزمەتم بکە تاکو دەخۆم و دەخۆمەوە، پاشان تۆ بخۆ و بخۆوە ؟ وەڵامیش بەڵێ فەرمانی پێدەکات ئەوەو ئەمە بکات .

پرسیاری سێ یەم : ئایا سوپاسی ئەو کۆیلەیە دەکات، لەبەر ئەوەی ئەو شتانەی کرد کە فەرمانی پێ کرابوو؟ وەڵامیش نەخێر سوپاسی ناکات .

٢ . چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە لۆقا 17: 1- 6 ، 11- 19.

ئەم نمونەیە لە سێ بەش پێکهاتوە ، هۆشداریی بەتوندی ، هاندانێکی مەزن ، وە بەرابەریی و بەراوردکاریی . عیسا قوتابیەکانی فێر دەکرد هەروەها کەسانی دیکەش گوێیان دەگرت لە فێرکردنەکانی عیسا دەیزانی ئەوانی

دیکه فەریسیەکانن که گوێ بیست بوون لۆقا ١٦: ١، ١٤؛ ١٧: ٢٠ . هۆشداری توند تەنها ئاراستەی باوەڕداران ناکرێت بەڵکو هەروەها ئاراستەی بێباوەڕان دەکرێت .

هۆشداری توند تایبەت بوو بە کەوتنی مرۆڤێکی دیکە لە گوناهە .

لە لۆقا ١٦ عیسا هۆشداری توندی دەدا بە خەڵکی لە چونیان بۆ دۆزەخ و شوێنی لەناوچوون . شوێنی لەناوچوون جێیەکی ترسناکە لۆقا ١٦: ٢٣-٢٤ ، وە کاتێك مرۆڤ دەگاتە ئەو شوێنە دەرچوون لێی کارێکی مەحاڵە لۆقا ١٦: ٢٦- ٣١ . بۆیە دەبێت مرۆڤ بەئاگا بێت و هۆشیار بێت وتەکانی و کارەکانی نەبنە هۆکار بۆ لەناوچوون و گومڕایی کەسانی دیکە لۆقا ١٧: ١ ، ئەم ئەزمونەش دێت بە دڵنیاییەوە چونکە بەشێکە لە سروشتی گوناهە و کردەی بەربڵاوی گوناهە . بەڵام گەر مرۆڤ ببێتە هۆکارێك بۆ ئەو ئەزمونە ئیدی شەرمەزاریەکی گەورەیە . بڕوانە مەتا ١٣: ٤١ ؛ پەیدابوون ٣: ١- ٦ ؛ ١تیمۆساوس ٦: ٩- ١٠ ؛ لۆقا ٢٢: ٢٢ ؛ کردار ٢: ٢٣ ؛ مەتا ١٨: ٧ ؛ مەتا ١٨: ٦ ، ٨- ٩ ؛ زەبور ١: ١؛ ١کۆرنسۆس ١٠: ١٣ ، بۆیە دەبێت باوەڕداران هەمیشە ئاگاداری ژیانیان بن وچاودێری بکەن . پێویستە ئاگادار بێت تاوەکو نەبێتە هۆکاری توشبوونی کەسێکی تر بە گوناهە لۆقا ١٧: ١- ٣ . دەبێت ژیانێك بژی پشت بە مەسیح ببەستێت یۆحەنا ١٥: ٥ ، وە هەمیشە و بەردەوام داوا لە ڕۆحی پیرۆز بکات سەرزەنشتی بکات لەسەر هەر گوناهەیەك لە ژیانیدا کە پێویست دەکات تۆبەی لەسەر بکات یۆحەنا ١٦: ٨ ، وە ساکار بێت لەگەڵ خەڵکی دیکەدا کاتێ ئاماژە بە هەڵەیەک یان گوناهەیەکی ژیانی دەکەن مەتا ١٨: ١٥ ، دەبێت باوەڕداران هەروەها چاودێری یەکتر بکەن و هەر باوەڕدارێك گوناهەیەکی کرد پێویستە باوەڕدارەکەی تر سەرزەنشتی بکات ، ئەگەر تۆبەی کرد دەبێت لێی خۆش بن و پێشوازی لێبکەن لۆقا ١٧: ٣- ٤ ، ئەگەر هەڵەیەکی گەورەشی کرد و بە مەبەست بوە هۆی کەوتنی کەسێکی تر لە گوناهەدا ئەوا هەڵەیەکی گەورە تر ئەگەر لێی نەبورن ، لۆقا ١٧: ٤ ، بە سادەیی حوکم دان بەسەر خەڵکی تردا و تۆمەتبارکردنیان کارێکی هەڵەیە و قەدەغەیە مەتا ٧: ١- ٢ بەڵام

سەرزەنشت کردنی یەکتری پێویستە لۆقا ١٧: ٣ ؛ ١کۆرنسۆس ٥: ٩-١٣ . کاتێ گوناهبار سەردەکەوێت بەسەر گوناهەدا و تۆبە دەکات لەسەر گوناهەکەی ئیدی هەر کەسێك گوناهەکەی دەرهەق کراوە سەرکەوتوو دەبێت گەر لە گوناهبارەکە خۆش بێت و بەزەیی پێدا بێتەوە لۆقا ١٧: ٣-٤ ؛ یاقوب ٢: ١٢- ١٣ .

هاندانی مەزن تایبەتە بە باوەڕ ئەوەی کارەکانی خودا تەواو دەکات .

دورکەوتنەوە لە بوونە هۆکاری کەوتنی کەسانی تر لە گوناهەدا و بەردەوام ئامادەبوون بۆ لێخۆشبوون دوو شتن پێویستیان بە ئازایەتی و هێز و خۆشەویستی خودا هەیە ! لۆقا ١٧: ٥ بەڵام عیسا هانی ئەوان وئێمەش دەدات لاواز نەبین و ووڕە بەر نەدەین لەمبارەیەوە .

باوەڕ ، هەرچەند بچووك بێت گەشە دەکات بە هۆی پەیڕەوکردنەوە ! هیچ ئەرکێکی خوداو عیسای مەسیح نیە پێمان ببەخشێ و مەحاڵ بێت لە هاتنەدی و تەواو کردندا تا لە پەیوەندی وباوەڕ و متمانەدا بین لەگەڵ خودا لۆقا ١٧: ٦ . لەم دەقەی ئێستادا عیسای مەسیح ڕامان دەسپێرێ بۆ ئەم ئەرکانە : ئازاد بوون لەوەی بمانەوێ ببینە هۆکاری کەوتنی کەسانی تر لە گوناهەدا وە ئامادە بین بەردەوام بۆ لێبوردن و لێخۆشبوون لە کەسانی تر کە گوناهەمان بەرامبەر دەکەن . ئەمەیە کە باوەڕمان پێی هەیە ! ئەوانەی توشی نەخۆشی گولی بوون بە باوەڕ عیسای مەسیح ئەرکی پێ بەخشین و چاکی کردنەوە ئیدی ڕۆیشتن بۆ ئەنجام دانی ئەرکەکە ، ئەوان باوەڕیان بە عیسای مەسیح بەهێز بوو بەو ئەندازەیەی تا ئەو کارانە بکەن کە پێی ڕاسپاردن لۆقا ٧: ١- ١٠ .

نمونەی بەرابەری و بەراوردکاریی لە هەڵوێستی سامیریە گولەکە .

یەکەم ئەوە بینیمان کە هۆشداریە بۆ قوتابیەکان نەبنە هۆکاری کەوتنی کەسانی تر لە گوناهەدا و و ئەوان بەرپرسیارین لەوەی خزمەتەکەیان نەبێتە هۆکارێك بۆ کۆسپ لەبەردەم کەسانی تر و کەوتنیان لە گوناهەدا . وە دوەم ، هاندانی قوتابیەکانە کە باوەڕیان بەهێز بێت لە تەواوکردنی ئەو ئەرکانەی خودا ڕایان دەسپێرێ بۆی . بەڵام سێ یەم ، چی کام ڕۆحەکە

قوتابیەکان لە خزمەتدا ڕادەپەڕێنێ و دەبزوێنێ بۆ ئەرکە جیاوازەکان ئەوەی خودا دیاری دەکات بۆیان ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە نمونەی خزمەتکار یان کۆیلەی بێکار (دەستبەتاڵ) دایە لە لۆقا ١٧: ٧- ١٠ لە نمونەی بەراوردکاریدا کە دوای ئەم نمونەیە لە لۆقا ١٧: ١١- ١٩ دایە کاتێ لۆقا باس لە دە گول دەکات ئەوەیان کرد کە عیسا فەرمانی پێکردن ئیدی چاک بوونەوە بەڵام تەنها یەکیان گەڕایەوە و ستایش و سوپاسی خوداوەندی کرد . ڕەنگە ئەم ڕوداوە پێناسەیەکی پێچەوانە پێشکەش بکات بۆ ئەو ڕۆحەی پێناسەی نمونەی خزمەتکاری بێکار دەکات .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٧: 7- 9 .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە لۆقا ١٧: ١٠ .

عیسا دەڵێت : ئێوەش بەم شێوەیە، کاتێك هەموو ئەوەی فەرمانتان پێ دەکرێت دەیکەن، بڵێن: ئێمە کۆیلەی بێ کەڵکین و تەنها ئەرکی خۆمان بەجێگەیاندووە . شرۆڤە یان جێبەجێکردنەکە تایبەت نیە بە گەورەکە بەڵکو بە کۆیلە / خزمەتکار . وە خزمەتکار لەم چیرۆکی نمونەیەدا ئەوە دەکات کە فەرمانی پێدەکرێت . بە پێی شرۆڤە یان جێبەجێکردن کاتێ قوتابیەکان ئەوە دەکەن کە فەرمانیان پێ دەکرێت دەبێت بەخۆیان بڵێن ئێمە تەنها کۆیلەیەکی ناشایستە یان بێ کەڵکین وتەنها ئەرکی سەرشانمان جێبەجێکردوە .

وشەی سەرەکی لەم شرۆڤەیەدا : کۆیلەی بێ کەڵکە و ئەوە دەکەن کە ئەرکی سەرشانیانە ، وە بەهۆی نەبوونی زانیاری زۆرەوە لەبارەی ئەم بابەتە دوو جۆر شرۆڤەو جێبەجێکردن دەکرێ هەبن وە هەردوکیان تایبەتن بە ڕۆحی کۆیلەیەتی ئەوەی خزمەتکار ئەرکەکانی پێ ڕادەپەڕێنێت .

شرۆڤەی یەکەم پێداگری دەکات لەسەر ڕاستیەك کە دەبێت قوتابیەکان بە ڕۆحی خزمەتکار / کۆیلەیەتیەوە خزمەت بکەن .

لەم چیرۆکەدا خزمەتکارەکە تەنها ئەوە دەکات کە داوای لێدەکرێت . لەگەڵ ئەوەی گوێرایەڵی و ملکەچ بوونی هەڵە نیە بەڵام کێشەیەك هەیە لە هەڵوێستی لە خزمەتدا ! چونکە هیچ شتێك ناکات مەگەر داوای لێبکرێت . وە فەرمانی بەردەوامیش بۆ خزمەتکار دەشێ ئاماژەیەك بێت بۆ ئەوەی خزمەتکارەکە چاوەڕێی فەرمانی نوێ دەبێت . ڕۆحی خزمەتکاریی و کۆیلەیی بەسەریدا زاڵە ، واتە تەنها ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات ، نە زیاتر و نە کەمتر ، وە دوای جێبەجێکردنی ئەرکەکەی چاوەڕێ دەکات گەورەکەی ئەرکێکی نوێی پێ بسپێرێت ، ئەم کۆیلەیە یان خزمەتکارە دەستپێشخەری نیە بۆ خۆی خزمەت بکات . وە بە ڕۆحی کۆیلەیەتیەوە ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێدەکات . ڕۆحی خۆتەرخان کردنی لە دڵەوە تێدا نابینرێ وە بە پەرۆش و دڵخۆشیەوە خزمەت بکات . بۆیە سەیر نیە کە گەورەکەی سوپاسی ناکات لەسەر ئەو کارانەی کە دەیکات کاتێ داوای لێدەکات .

ئیدی ئەم نمونەیە لە جێبەجێکردندا بەم شێوەیە : ئەگەر باوەڕداران خزمەتیان کرد وەکو ئەم کۆیلەیە بە خۆویستی و دوور لە خۆتەرخان کردن لە دڵەوە ، وە تەنها ئەوەیان کرد کە داوایان لێ دەکرێت ئیدی ئەو باوەڕدارانە بە خۆیان دەڵێن ئەوان هیچ کەڵکێکیان نیەو شایستە نین و تەنها ئەرکی سەرشانی خۆیان جێبەجێکردوە ، دەبێت خزمەتەکەیان بە شێوەیەك بێت شایەنی ئافەرین کردن و دەستخۆشی بێت یان خەڵاتکردنیان لەلایەن گەورەکەیانەوە ، مەسیح لەمبارەیەوە گوزارش دەکات و دەفەرموێ لە مەتا ٥: ٢٠ : ئیتر پێتان دەڵێم: ئەگەر ڕاستودروستیتان لە مامۆستایانی تەورات و فەریسییەکان زیاتر نەبێت، هەرگیز ناچنە ناو شانشینی ئاسمان . هەروەها بڕوانە مەتا ٥: ٤٧- ٤٨ .

ئیدی بەم شێوەیە لۆقا بەرابەریی دەکات لە نێوان ڕۆحی خزمەتکاری دەستەبەتاڵ و بێ کەڵک لە نمونەکەدا وە ڕۆحی سامیریە گولەکە ئەوەی چاکبۆوە ، لۆقا ١٧: ٧- ١٠ ؛ لۆقا ١٧: ١١- ١٩ .

شرۆڤەی دوەم پێداگری دەکات لەسەر کاری خزمەت بە ڕۆحی ساکاریەوە.

لە چیرۆکی ئەم نمونەیەدا خزمەتکار ئەوە دەکات کە داوای لێدەکرێت لەگەڵ ئەوەی گوێرایەڵی و ملکەچ بوونی هەڵە نیە بەڵام کێشەیەك هەیە لە هەڵوێستی لە خزمەتدا ! ڕەنگە ئەو پرسیارانەی پێش چیرۆکەکە کەوتوون ئاماژەیەك بن بۆ ئەوەی چاوەڕوانی سوپاس بووبێت یان خەڵاتکردن لەسەر خزمەتەکەی . چونکە ڕۆحی لوتبەرزی و زێدەڕۆیی و خۆبەزلزانی زاڵ بوو بەسەریدا ، ئەو چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد گەورەکەی سوۆاسی بکات لەبەرامبەر خزمەتەکەیدا . لە دڵی خۆیدا وا بیری دەکردوە کە ئەو شەوو ڕۆژ ماندوەو خزمەت دەکات دەبێت سوپاسی بکرێت یان هیچ نەبێت بەشێوازێکی باشتر مامەڵەی لەگەڵ بکرێت ئەمەش ئەو وێنەیە بوو کە لە خۆی زل تر بوو لە ناخی خۆیدا خۆی پێ وێنا کردبوو . بەم شێوەیە جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە : کاتێ باوەڕداران ملکەچ دەبن دەبێت بەخۆیان بڵێن ئەوان شایەنی سوپاس و خەڵات نین لەسەر ئەرکەکانیان کە جێبەجێیان کردوە دەبێت وای دابنێن خزمەتەکەیان خۆی لە خۆیدا دیاریەکە ، هیچ شتێك نیە شایەنی ئافەرین و دەستخۆشی بێت ، باوەڕداران سوپاس و پێزانینی زیاتریان شایەن نیە لە ملکەچ بوون و خزمەتیان بۆ خودا . چونکە ملکەچی شتێکی زیاتر نیە تاوەکو بیکەین بەڵام لقێکی بنەڕیتیە لە باوەڕمان وئەرکەکانمان ، لەم نمونەیەدا عیسا ناڕوانێتە خزمەتەکانمان وەکو بێ واتاو بێ نرخ و بێ کەڵك وە مەبەستیشی نیە خەڵاتمان نەکات بەڵام هێڕش دەکاتە سەر زێدەڕۆیی بێ پاساو لە ناخدا . هەروەها ڕۆحی لوتبەرزی ڕەت دەکاتەوە ، بۆیە دەبێت باوەڕداران بە ڕۆئی ساکاریەوە خزمەتی خودا بکەن .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

بزانە :عیسا واتایەکی دیاریکراوی نەداوە بە هیچ کام لە وردەکاریەکانی ئەم نمونەیە .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا . وە بە تێڕوانین لە شرۆڤەکەی عیسای مەسیح بۆ نمونەکە یان جێبەجێکردنی دەزانین چۆن دەبێت ڕاڤە بۆ نمونەکە بکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی کۆیلەی بێکار یان دەستبەتاڵ لە لۆقا ١٧: ٧- ١٠ فێرمان دەکات لەبارەی خزمەتکردن لە شانشینی خودا . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەوەیە : دەبێت باوەڕداران هەوڵ بدەن خزمەتکاری بە سود بن نەوەك دەستبەتاڵ وبێکار و تەنها ئەوە بکەن کە ئەرکی سەرشانیانە ، دەبێت باوەڕداران خزمەت بکەن بەڵام نەك بە ڕۆحی

کۆیلەیەتیەوە و تەنها ئەوە بکەن کە پێیان دەوترێت ، بەڵکو بە ڕۆحی ئازادیەوە خزمەت بکەن لە دڵیانەوەو بە هەموو دڵخۆشی یەکەوە ئەوەی داوای لێ دەکرێت بیکەن ١پەترۆس ٥: ٢ . ئەوان بە ڕۆحی خۆشەویستی و هەست کردن بە سوپاسگوزاری یەوە خزمەت دەکەن ، چونکە ڕۆحی کۆیلەیەتی هیچ خەڵات و ئافەرین و دەستخۆشی لێ ناکرێت لە شانشینی خودا .

وە نابێت بە ڕۆحی لوتبەرزیەوە خزمەت بکەن وچاوەڕوانی سوپاس وخەڵات و ئافەرین بن ، بەڵکو بە ڕۆحی ساکاری یەوە بڕوانە ١پەترۆس ٥: ٥- ٦ .

خزمەت کردن بنەمایەکی سەرەکیە لە شانشینی خودا ، وە گەلی خودا خزمەت دەکەن بە دڵخۆشیەوە زیاتر لەوەی کارەکانیان داوایان لێدەکات ، وە خزمەت دەکەن بەبێ چاوەڕوانی کردنی سوپاس و ئافەرین یان بەباشتر زانینیان لەوانی تر .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پێشەکی : زۆرێك لە نمونەکان لەیەك دەچن و هاوشێوەن هەندێ جار دەتوانی بەیەکتریان بەراورد بکەیت ، ئەو ڕاستیەی لە هەر نمونەیەکدا هەیە هاوسەنگە یان بەرابەر ڕاستیەکە بەشەکانی دیکەی کتێبی پیرۆز بۆمان ڕوون دەکاتەوە فێرمان دەکات . هەوڵ بدە ئەو ئایەت و شایەتە کتێبیە بدۆزیتەوە کە بەرابەر یان هاوشێوەی نمونەیەکەو یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی نمونەکە . ئاگادار بە لە ڕاڤەکردنی هەر نمونەیەك پشت ببەستە بە فێرکردنی ڕوون و ڕاستەوخۆی کتێبی پیرۆز .

ئاشكرای بكەو گفتوگۆی لەبارەوە بكە : هەریەك لەم بەشە كتێبیانە چیمان فێر دەكات بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی نمونەی كۆیلەی بێكار و دەستبەتاڵ فێرمان دەكات ؟

مەتا ٢٥: ٣٠ بخوێنەوە .

تێبینیەكان .

وشەی یۆنانی بەكارهاتوو لەم نمونەی كۆیلەی دەستبەتاڵی بێ كەڵكدا بەهەمان شێوە لە مەتا ٢٥: ٣٠ بەكار هاتوە ، كۆیلەو خزمەتكار لە مەتا ٢٥ : ٣٠ كۆیلەیەكە بێ كەڵك وبێ نرخ چونكە هیچ شتێك ناكات سەبارەت بە ئەركەكەی كە پێی سپێردراوە . ئیدی فڕێ درایە دۆزەخەوە ، بەڵام كۆیلەو خزمەتكاری هاتوە لە لۆقا ١٧: ١٠ پێناسەیەكی بۆ دەكرێت كە بێ نرخەو تەنها ئەوە دەكات كە فەرمانی پێ دەكرێت ، بۆیە لەلایەن گەورەكەیەوە هیچ سوپاس وئافەرینێكی وەرنەگرت و دان نەنرا بە كارە باشەكانیدا .

كۆیلە / خزمەتكاری سەروو ئاسایی .

مەتا ٥: ٢٠، ٢٣- ٢٤ ، ٤٠- ٤٨ .

تێبینیەكان .

لێرەدا بەراوردكاریەك دەبینین لە نێوان ئەم نمونەیەو وتاری سەرچیا كە عیسا فەرموی لە مەتا ٥: ٢٠ : ئەگەر ڕاستودروستیتان زیاتر نەبێت لە نوسەرانی شەریعەت و فەریسیەكان هەرگیز ناچنە نێو شانشینی ئاسمانەوە . شانشینی خودا بەوە دەناسرێتەوە كە نائاساییەو لەسەروو ئاساییەوەیە نەك ئاسایی . وە گەلی خودا كارێك دەكەن لەسەروو ئاساییەوە ، مەتا ٥: ٢٣- ٤٨ ؛ مەتا ٥: ٤٧ ؛ لۆقا ٦: ٢٧- ٢٨ .

كۆیلە/ خزمەتكاری بەوەفا یان سوپاسگوزار .

لۆقا ١٧: ١١- ١٩ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

لێرەدا بەراوردکاریەك دەبینین لە نێوان نمونەکەو ئەو بەشەی بەدوایدا دێت ڕاستەوخۆ . عیسا پرسی لە لۆقا ١٧- ١٨ ئەڕێ دە کەس پاك نەبوونەوە؟ کوا نۆیەکەی دیکە؟ هیچ کەسێکیان نەبینران بگەڕێنەوە و ستایشی خودا بکەن، ئەم بێگانەیە نەبێت ؟ هەموو گولەکان ئەوەیان کرد کە عیسا فەرمانی پێکردن بەڵام تەنها یەکێك لەوان زیاتر لەوەی کرد کە فەرمانی پێکرابوو ، ڕۆڵەکانی شانشینی خودا دەبێت بەوە بناسرێنەوە کە ڕۆحی ستایش وسوپاسگوزاری و بەوەفاییان تێدا بێت .

کۆیلە/خزمەتکاری ساکار .

لۆقا ١٢: ٣٧ ؛ ٢٢: ٢٧ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

لێرەدا بەراوردکاریەك دەبینین لە نێوان ئەم نمونەیەی عیساو نمونەکانی دیکەی عیسادا لە نمونەی کۆیلە بێدارەکان لە لۆقا ١٢: ٣٧ عیسا بەڵێن دەدات و دەفەرموێ : خۆزگە بەو کۆیلانە دەخوازرێت کە گەورە دێتەوە دەبینێت بەخەبەرن. ڕاستیتان پێ دەڵێم، گەورەکە ناوقەدی خۆی دەبەستێت و کۆیلەکان دادەنیشێنێت، دێت و خزمەتیان دەکات . وە لە لۆقا ٢٢: ٢٧ عیسای مەسیح دەفەرموێ : کێ پایەبەرزترە، ئەوەی لەسەر خوان دانیشتووە یان ئەوەی خزمەت دەکات؟ بێگومان ئەوەی کە لەسەر خوان دانیشتووە. بەڵام من لەنێوتان وەك ئەوەم کە خزمەت دەکات . ڕوونەداوە عیسا پێجەوانەی ژیانی خۆی نمونەیەکی باس کردبێت ، چونکە ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکرد خۆی بەو شێوەیە دەژیاو بانگەشەی بۆ دەکرد لە خزمەتکردندا هەروەها پەیڕەوی دەکرد ، وە لە یۆحەنا ١٣ پێی قوتابیەکانی شوشت " من نموونەیەکم پێدان تاکو ئەوەی بۆم کردن ئێوەش بیکەن " بەهەمان شێوە دەبێت گەلی

شانشینی خودا خزمەت بکەن بە ڕۆحی ساکاری و پێشکەشکردنی نمونەی ژیانیان بۆ خەڵکی دیکە .

کۆیلە/ خزمەتکاری دڵسۆزوپاك .

کۆلۆسی ٣: ٢٢- ٢٤ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

پۆڵسی نێردراو خزمەتکار و کۆیلە باوەڕدارەکان ئاگادار دەکاتەوە لە پێویستی ملکەچ بوونیان بۆ گەورەکانیان تاوەکو نیعمەت بەدەست بهێنن لەبەردەمیاندا کاتێ بەم شێوازە هەڵسوکەوت دەکەن .

٦. کورتەی فێرکردنی سەرەکی نمونەکە .

پوختەی فێرکردن و وانە سەرەکیەکان کە نمونەکە پێشکەشی دەکات تایبەتە بە خزمەت لە شانشینی خودا .

نمونەی تایبەت بە بریکاریی وەکو نمونەی کۆیلەی بێکارودەستبەتاڵ و بێ کەڵك لە لۆقا ١٧: ٧- ١٠ وە نمونەی کۆیلەی ناپاك و کۆیلەی دەستپاك و سەرڕاست لە مەتا ٢٤: ٤٥- ٥١ وە لۆقا ١٢: ٤٢- ٤٦ بخوێنەوە .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟ عیسای مەسیح دەیەوێ چی بزانین و باوەڕمان بە چی هەبێت وە دەیەوێ چی بکەین و چۆن بین ؟

تێبینیەکان .

دەبێت هەموو خەڵکی سروشتی خوداو عیسای مەسیح و چۆنیەتی کارکردنیان بزانن .
عیسای مەسیح خۆی خزمەتکار بوو لە نێوانماندا نەهات بۆ ئەوەی خزمەت بکرێت بەڵکو هات تاوەکو خزمەت بکات و ژیانی خۆی بەخت بکات لە پێناوی زۆرینە مەرقۆس ١٠: ٤٥ . عیسای مەسیح

باوەڕدارانی ڕاسپاردوە هەریەکێکیان بۆ خزمەت و ئەرکێکی دیاریکراو دەبێت ئەرك وخزمەتەکانیان تەواو بکەن بەڕێکوپێکی ، وە لەهاتنەوەی دوەمیدا لێپرسینەوە دەکات لەگەڵ هەموو باوەڕداران بەپێی هەڵوێستی دڵیان ئەگەر سارد بووبێت یان بەپێی ڕۆحی خۆتەرخان کردن بووبێت ، خودا حوکم دەدات بەسەریاندا بەپێی دەستپاکیان یان ناپاکیان .
دەبێت باوەڕداران بزانن چۆن دەبێت بژین و چی بن و چۆن پێناسە بکرێن . لۆقا ١٩: ١٧، ١٩ "ئەویش پێی گوت: ئافەرین کۆیلەی چاك، چونکە لە کەمترین شت دەستپاك بوویت، ببە بە فەرمانڕەوای دە شار " هەروەها بڕوانە ١کۆرنسۆس ٩: ٢٢ ؛ ١کۆرنسۆس ١٠: ٣١ ؛ ١کۆرنسۆس ٣: ٥- ٩ . ئیدی ئەوان کارێك دەکەن لەسەرووی ئاساییەوە کە خەڵکی دیکە ناتوانن ئەوە بکەن .

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بکەن ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.